# زەرورەتی پێدا چوونەوە و راستکردنەوەیەک

حسەین یەزدانپەنا

نزیک بە چارەگە سەدەیەکە بەشێک لە رۆڵەکانی نەتەوەکەمان و بەشێک لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە رۆژهەڵاتی نیشتمان، رۆژی 26ی سەرماوەز وەک رۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەناسن. ئەوان چەککردن و دەسبەسەردا گرتنی شارەوانی رێژیمی پەهلەوی لە مهابادیان لە ساڵی 1324 ی هەتاویی (1945)دا، وەک بنەمای دیاریکردنی ئەو رۆژە داناوە

پێشمەرگەی کوردستان شایانی ئەوەیە، هەموو رۆژێ رێزی لێبگیرێ و ناوی پیرۆزی لەسەر زۆر بۆنە و یاد بنرێ. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە دانانی ئەو بنەما مێژووییە بۆ رۆژی پێشمەرگە راست نییە.

13 ساڵ لەمەوبەر لە ژمارە 15 و 16ی "یەکێتی" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا، بە بۆنەی هەڵکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە لایان یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە، لەسەر وتاری ئەو ژمارەیەدا (کە پێکەوە دەرچوون) لە ژێر سەردێڕی "بۆچی ئاڵای کوردستان" هۆیەکانی هەڵکردنەوەی ئاڵای کوردستانم روون کردووەتەوە. هەر لەو پێوەندییەدا ئاماژەم بە رۆژی 26 سەرماوەز وەک رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان کردووە و 3 رێپۆرتاژی گۆڤاری کوردستان لە بەڕێوەچوونی رێورەسمەکانی هەڵکردنی ئاڵا لە شارەکانی مهاباد و نەغەدە و بۆکان لە رۆژانی 26 سەرماوەز و دوواتردا لەگەڵ ئەو بابە لێکداوە. لەو 3 رێپۆرتاژەدا، باسی چۆنیەتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان کراوە. لە هیچکام لەو ریپۆتاژانەدا هیچ ئاماژەیەک بە رووداوێکی دیکە جگە لە هەڵکردنی ئاڵا نەکراوە. بە وتەیەکی دیکە، هیچ ئاماژەیەک بە چەککردن و بەرهەڵمەتدانی شارەوانی مهاباد لەو رۆژەدا نەکراوە.

کەوابوو بە پێی ئەو بەڵگە باوەڕپێکراوانەی لەبەردەستدان و بەوتەی ئەو کەسانەی کە ئەو ساڵە و رووداوەکانیان لەبیرە، رۆژی 26 سەرماوەزی 1324 (17 دیسامبری 1945) رۆژێکە کە ئاڵای کوردستانی تێیدا هەڵکراوە. من خۆم لە نزیکەوە لەمبارەیەوە ڕای ژمارەیەک کەسم وەرگرتووە کە ئەو سەردەمەیان لە بیردێ، یان باسی رووداوەکانی ئەو ساڵ و رۆژانەیان لە کەسانێک وەرگرتووە کە لە هەناوی رووداوەکان ژیاون. ئەوان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە رۆژی 26 سەرماوەز رۆژی هەڵکردنی ئاڵایە نەک گیرانی شارەبانی مهاباد.

لە لایەکی دیکەوە هێندێ بەڵگەی دیکە هەن کە رووداوی چەککردن و گیرانی شارەبانی مهابادی تێدا تۆمار کراون. بەڵام نەک لە رۆژی 26 سەرماوەز دا، بەڵکوو، لە 15 فێوریەی 1945دا. واتە 10 مانگ جیاوازی لە نێوان ئەو دوو رووداوەدا هەبووە.

لەم دوواییانەدا، بەرێز مامۆستا ئەنوەر سوڵتانی، 130 بەڵگەنامەی مێژوویی و بەنرخی لە ئارشیوی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دەرهێناوە و وەریگێراونەتە سەر زمانی کوردی. کۆی ئەو بەڵگەنامانە لەگەڵ پێشەکییەکی وەرگیر لە کتێبێکدا بەناوی "رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا" ساڵی 2005 لە سلێمانی لە لایان بنکەی ژینەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەو بەڵگەنامانە بریتین لەو راپۆرتانەی کە کۆنسولیەتی بریتانیا لە شاری تەورێز بۆ باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران و لەرێی ئەوانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە لەندەنی ناردوون. لە یەکێ لەو راپۆرتانەدا کە رووداوەکانی 16 تا 28 مانگی فێوریەی 1945ی لە خۆ گرتووە، لە بەشێکدا بە ناوی "کاروباری دیکەی کورد" کە دەکەوێتە لاپەرە 87ی کتێبەکە، رووداوی چەککردن و بەرهەڵمەتدانی شارەوانی مەهابادێ بەمجۆرە تێدا تۆمار کراوە: "لە 15 فەبریوەریدا، لە پڕ تەنگ و چەڵەمەیەک لە مهاباد سەری هەڵدا. لێرەش هێندێ جیاوازیی بیرورا لەمەڕ چۆنایەتی رووداوەکە، بەرچاو دەکەوێت، بەڵام پێکهاتنی گشتی لەسەر راستیی سەرەکی مەسەلەکە هەیە، ئەویش بریتیە لەوەی کۆمەڵێکی کورد کە هەموویان خەڵکی شاربوون، بە رێبەرایەتی عەزیز فەیزوڵابەگی خەڵکی گوندێکی نزیک بۆکان هێرشیان کردۆتە سەر ئیدارەی پۆلیس، پێنج پۆلیسیان کوشتووە و شەشی دیکەیان بریندار کردوون کە دەگوترێ دووانیان دوواتر مردوون".

لە راپۆرتێکی دیکەدا کە لە 18 فەبریوەری 1945 دا بە ئیمزای جێگری کۆنسوولی گشتی بۆ باڵوێزخانەی تاران نێردراوە و لە لاپەرەی 102ی کتێبەکەدا، چاپکراوە بەمجۆرە باس لەو رووداوە کراوە: "لە رۆژی 18ی فەبریوەریدا، تاقمێکی کورد کە لە لایان "وردەمالیک"ێک بەناوی عەزیز لە هۆزی "فەیزوڵڵا بەگی"یەوە ناردرابوون، هێرشیان بردە سەر ئیدارەی پۆلیس لە مهاباد و وا زانراوە کە گەرەکیان بووە ئیدارەی داراییش تالان بکەن. پێنج پۆلیس کوژراون. فەرماندەی ئەرتەشی ئێران لێرە (لە تەورێز) پێی راگەیاندوم کە عەزیز لە قسەکانیدا، داوای وەدەرنانی کاربەدەستانی ئێرانی کردووە و گوتراوە کە وەک ناسیۆنالیستێکی لایەنگری رووس و کۆمۆنیست قسەی کردووە".

بۆیە بە بۆچوونی من بە سەرنجدان بەو راستیانە پێویستە ئەو هەڵەیە راست بکرێتەوە و رۆژی 26 سەرماوەز وەک رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان رێز بگیرێ و 15 فێوریەش وەک رۆژی پێشمەرگەی کوردستان.

22-12-2006